# ئەو ئافرەتەی وەکو عیسا ئازار درا، ئازاری دام؟!

دانا بۆتانی

dana_botany@yahoo.com

بێگومان ماوەک بەر لە ئێستا وادەم دابوو بە هیچ جۆرێک، واناکەم و قەتیش بیر لەوەنەکەمەوە کە خامەکەم لەم وڵاتە بخەمە کار چونکە بەردەوام ئەوانی ویستویانە بیکەن کردوویانە و نەپرس کراوە و نەکسیش ئاگایی لێبووە نازانم بۆ دەبێت. ئێمە بەردەوام لەگەڵیان بین ئەگەر هاتوو رەخنەمان گرت، ئەوە یان کافرین یا ئەوەتا بەیاخی بووینمان لە دەسەڵات لە قەڵام دەدەن. لەگەڵ ئەوەش هەندێ جار خامەکەم بەدەست خۆی نییە بەفرمێسکی خۆی هەموو پەڕاوە شووشاویەکان دەپڕوشێنێت و بێ رەحمانە کوڵی دەڵی خۆی دەردەخە. لێرەدا بەو دیالۆژەی نێوان هەردوو ئەکتەرە دەست پێ دەکەم، کە عەبدولئیلا دەڵێت: برادەران قسەیەک بکەم عادز نابن؟

سەلیمیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: جاکێیە هەیە لە ئێوە عادز بێت؟! ئەوەنییە قیرڕ رەش دەکەن بەسپی و ماستی سپیش دەکەن بەڕەش!!

عەبدولئیلا: دیارە پێمان دەکرێ

سەلیم: ئەرێ وەڵڵا باش پێتان دەکرێ ئەوا باوەڕتان بەدەوروبەرتان هێناوە جا کێی وەکو ئێوەی بۆ دەرچووە؟!

ئەمانە و چەندانی دیالۆژی دیکە هەموو شەوێ وەک مۆتەکە بەدەورم دەسوورێتەوە و وازم لێناهێنێ و ئێژم ئەرێ خاوەن دەسەڵات و ئیمانداران ئێوەکەی پرستان کردووە بەئێمە تا ئێمە لەئێوە عادز بین، ئەوەنییە هەریەکێک لەئێوە بەنێوی دین و ئاین و  خواپەرستی، گرووپ  و رێکخراوی ئاینی دروست دەکەن و خوشک براکانمان سەر دەبڕن؟ مانای ئەوە نییە کەماستی سپی بکەن بەڕەش؟!

ئەرێ بەڕاست برایانی موسڵمان و خواناسەکان ئەی ئێمەی کوردیش موسڵمان نین بۆ فتوامان بۆ دەردەکەن و کوشتنیشمان حەڵاڵ دەکەن؟!

ئەرێ هۆ دەرپێ کورت و ریش درێژەکان ئێوە ئەوکاتە لەوکێ بوون کاتێک ئەنفال و دەربەدەر دەکارین بۆ نەهاتنە جواب و بێژن خۆ ئەمانەش بنیادمن و موسڵمانن، کەچی ئێستاش وەک مۆتەک بەم خاکەوە نووساون و داوای حەقی خۆتان دەکەن؟!

لێمان گەڕێن باخۆمان بین، گەنجەکانمان تازە واخریکە پێ دەگرن و فەریک دەبن ، قەت وامەکن چاویان بشکێت و بترسن، ئەمانە نەوەی دوارۆژن، سەیرم لێدێت بۆ دەبێت، ئەوانە بترسن، خۆ  هەڵەیان نەکردووە، یا ئەوەتا نابێت، لەم وڵاتە کەس باس لە هەق بکات، بۆ دەبێ لە خاکی خۆت هەمووشتێک بە بڤە بێتە بەرچاو، دەک دەستان خۆش بەشداربووانی شانۆگەریی (ئەو ئافرەتەی وەکو عیسا ئازار درا) بەڕاستی واتان نیشان دا دەبێت، لەم و دوا ئاین نەبێتە رەوتێکی بە بەڕێوەبردنی وڵاتەوە لەمە بەدوا دەبێت ئاین و وڵات دوو شتی جیاواز بن، ناشکرێ بەم جۆرە هەر کەسێک هاتوو باسی لە خەمەکانی خۆی کرد، برایانی موسڵمان ئێوەش هەستن بە حەرام و بڤەی تێبگەن.

لەمە بەدوا دەرسێک فێربووین کە نابێت ئەو مرۆیەی کە عەقڵی لەسەدەیەک پێش ئێستا دەچێت، پێشڕەومان بکات و رێنشاندرمان بێت، ئێمە کوردین و هەربەکوردیش دەژین باش بزانن، هۆ دەرپێ کورتەکان و ریش درێژەکان لەمە بەدوا ناکرێت وابیر بکەنەوە کە سروودی مەولا وەسەلیمان بۆ بکەنە سروودی نیشتمانی، ئێمە نەوەی دڵدارین و سروودمان ئەی رەقیبە. تکایە وازمان لێبێنن، باوازتان لێبێنین.